# خۆپیشاندانی هەقوازانەی جەماوەری کەلار بۆچی بە گوللە باران وەڵام درایەوە؟

عرفان كريم
arfan96@yahoo.de

ئەمرۆ لە نێو زۆربەی شارەکانی کوردستان دا وە بەجیاواز لە هەرکاتێکی ترو سەردەمێکی تردا قسەکردن و باسکردن لەسەر مەسەلەی بڵاوبوونەوەی دیاردەی فەساد و تالانی لە نێو دام و دەزگاکان و ئیدارەکانی حکومەتی دا بۆتە مەسەلەیەکی رۆژانە و بێزاری خەڵکی کوردستانی لەم دیاردەیە گەیشتۆتە ئەوپەری , لەلایەك رۆژانە خەڵکی لەرێگەی دەزگاکانی راگەیاندنی سەربە یەکێتی وپارتی یەوە هەواڵەکانی سەردانی دەیان رێکخراوی خێرخوازی جۆراو جۆر و جیهانی بۆ کوردستان دەبیستن وهەروەها وەعدو بەڵێنی کۆمەکی سەدان ملیۆن دۆلار لە وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتوەکانەوە بەرگۆیان دەکەوێ , لەم لایشەوە بە پێچەوانەوە باری گوزەران و ژیانی رۆژانەی خەڵکی و ئاستی باشبوونی وگەشەسەندنی لە ئاستێکی وێران و دواکەوتودایە هاوکات خزمەتگوزاریە سەرەتایی یەکان کە پێویستی یەکی رۆژانەی خەڵکە وەکو ( ئاو کارەبا ) رۆژ بەرۆژ لە خراپی دایەو زۆر جاریش بۆ چەندین رۆژ تەنها بۆ یەك کاتژمێر هەن ,هاوکات خەڵکی کوردستان بەئاشکرا (هەڵەتی تالانی) و (لە پرا بوون بەکورێکی ) و ( فەریکە ملیۆنەرەکان ) یان لەبەرچاوە و بەرپرسیاران و کەسانی سەربە یەکێتی پارتی دەبینن کەچۆن بونەتە خاوەنی ملیۆنەها دۆلار و چەندین باڵەخانە و ئۆتۆمبیلی جۆراو جۆریان هەیە , وە زۆر جاریش ئەمە لەدەمی بەرپرسیارانی هەردوو حزبیشەوە باسی لێوەکراوە .

لەنێو ئازارەکانی ئەم راستیانەوەیە کە جەماوەری هەقوازی شارۆچکەی کەلار لە 07.09.05 خۆپیشاندان بەرێخست و خواستەکانی خۆیان بەرز کردەوە خوازیاری کۆتایی هێنان بە ئازارەکانی نەبوونی خزمەتگوزار یەکان و پێداویستی یەکانی رۆژانە وەکو ئاو و کارەبا بوون , کەلە کاتێکدا ئەم شارۆچکەیە سەر بە ناوچەی گەرمیانەو رۆژانە پلەی گەرما لەهاویندا دەگاتە 40 پلە وبەسەرەوە , بەڵام دەسەڵاتی میلشیایی عەشایەری یەکەی جەلال تالەبانی لەجیاتی گوێگرتن بۆ خەڵك و جێبەجێ کردنی خواستەکانیان و دابینکردنی پێداویستەکانیان , بەڵێ لە جیاتی چوون بە شوێن کێشەکانی خەڵکەوە , ئەم دەسەڵاتە رەفتار بەعسی یە کەوتنە گوللە بارانکردنی خۆپسشاندانەکەو بە ئاگر و ئاسن وەڵامی خواستە رەواکانی خەڵکەکەیان دایەوە کە لەئەنجامدا چەندین کەسیان بریندارکردوە و چەندین کەسیشیان زیندانی کردوە ,هەروەها وەکو پیشەی هەموو جارەیان بۆ پەردەپۆشکردنی ئەم تاوانە درۆدەلەسەی پوچ و بێ ناوەرۆك دەهێننەوە بۆ هۆیەکانی گوللە بارانکردنی جەماوەری بەشداربووی خۆپیشاندانەکە کە ئەمرۆ بە ئاشکرا رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) کەمپینێکی بە ئەندازەی گری تفەنگەکانی پیاوانی ئاسایشەکەی جەلال تالەبانی دژبە جەماوەری شاری کەلار دەستپێکردوە ,دەزگای درۆ هەلواسین (کوردستانی نوێ ) دەیەوێ بەتاوانبار کردنی خۆپیشاندەران بە( گێرە شێوێن) و ( ناشارستانی ) و ( خراپی بەکار هێنانی دیموکراسی ) پەردەیەك بە سەر تاوانێکی خوێناوی دا بدات , دەیەوێ تورەیی و بێزاری جەماوەری شارۆچکەی کەلار لەسەر تالانی و جەردەیی دام ودەزگاکەی قائیمقامی سەر بەیەکێتی نیشتمانی کەم بکاتەوەو بەهەر نرخێك بێت رووی دەسەڵاتەکە سپی بکاتەوە , بەڵام جەماوەری کەلار و هاوکات خەڵکی کوردستان زۆر لەوە هۆشیارترن کە ئەم درۆ دەلەسانەی ( کوردستانی نوێ ) ئیتر بروای پێبکەن , ئەندازەی گەندەلی و تالانی هێندە روون ئاشکرا ودیارن کە سەد رۆژنامەی بێکەڵکی وەکو ( کوردستانی نوێ ) ناتوانێ سووچێکی بشارێتەوە و ئەندازەی تاوانی گوللە بارانکردنی خۆپیشاندەران هێندە قورسە کە دەبێ لە دادگای جەماوەریدا ریسواو ئاشکرا بکرێت .

بژی هەڵەت وجەسارەتی جەماوەری کەلار
بۆ بەدیهێنانی مافەرەواکانیان
ریسوابێ دەسەڵاتی گەندەڵی وتالان
08.09.05